## ناوەندی هەوڵگری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

### کۆمەڵێک هەواڵ و چالاکی پەنابەری.

**لەندەن_کۆڵن برۆک .:...................................................**

**فریادی محمدی دوای 13 ڕۆژ دەم وچاودورینەوە ومانگرتن لەخواردن بریاری دیپۆرتکردنەوەی بۆ یۆنان ڕاگیرا.**



**فریادی محمدی پەنابەری کوردی ئێرانی دانیشتووی سەقز دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە11 مانگ لەگرتووخانەکانی بەریتانیا دەستبەسەر دەکرێ ، بەرامبەر بەمامەڵەی دژی پەنابەری حکومەتی بەریتانیا بۆ ماوەی 13 ڕۆژ دەم و چاوی بە داو دەدورێتەوە و مان لەخواردن دەگرێت ، لەسەرداوای فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و ڕێکخراوی سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی –بێ مەرز کۆتای بەمانگرتنەکەی هێناو بڕیاری بەزۆر گێرانەوە شی بۆ یونان هەڵوەشایەوە.**

**فریاد لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا بەسکرتێری فیدراسیۆنی ڕاگەیاند"ئەوپەری سپاس گوزاری خۆم لە فیدراسیۆن و هەموو ئەو لایەنانە دەکەم کە لەماوەی مانگرتنەکەمدا بەپەرۆشی منەوە بوون و هاوکاریانکردم "**

**سکرتێری فیدراسیۆن ووتی"دوای ئەوەی ئێمە ئاگادارکراینەوە لە هەواڵی فریاد نامەی نارەزایەتیمان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا کرد ، هاوکات داوامان لەتەواوی ڕێکخراوەپەنابەری و ئینسانیەکان کرد بەهانای فریادەوە بێن سەرئەنجام ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکان دەستی هاوکاریان بۆ فریاد درێژ کرد"**

**ئەوەشی ووت"ئێمە ڕێکخراوی Medical Justiceمان ئاگادارکردەوە بەمەبەستی ئاگاداری لەنزیکەو لەباری تەندرۆستی فریاد داواشمان لە فریاد کرد دەم و چاوی خۆی بکاتەوە"**

**سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بەو شێوە نارەزایەتیەی فریاد ووتی"ئێمە لەهەر شێوازێکی نارەزایەتی بەشێوەی شارستانیانەوە و مەدەنیانە بەرگری دەکەین بەڵام هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نین پەنابەران ئازاری جەستەی خۆیان بدەن وەیان مان لەخواردن بگرن ،ئەوە ڕێگایەکی کۆیرانەیە، کۆمەڵگای بەشەریت ئەوەندەی هیزو لایەنی ئازادی خوازیو ئینسان دۆستی تیا هەیە بۆ پشتیوانی مافە ئینسانیەکانی پەنابەران تێبکۆشن ، مەرگ یەک جارە بەڵام هەوڵ و تەلاشی ئینسان بۆ ژیان خۆشکردن هەوڵێکی بەردەوامە، هەربۆیە ئێمە سەرباری ئەوەی بەتەوای تواناوە هاوکاری و پشتیوانیمان لە داوای مافی پەنابەری بۆ فریاد کردوە داواشمان لێکردوە کۆتای بەمانگرتنەکەی بهێنێ خۆشبەختانە داواکەی ئێمەشی قبوڵکرد"**

**ڕۆژی یەک شەمە 12-7 لەگرتووخانەی کۆڵن برۆک بەسەرپەرشتی دکتۆر دەم و چاوی فریاد کرایەوە و ئێستا باری تەندروستی لە ئارامیدایە.**

## دۆڤەر ..................................................

**ژمارەیەک پەنابەری کورد ماوەی زیاتر لە 72 سەعات و کەمتر لە 30 رۆژیان بۆ دیاری دەکرێت دیپۆرتی کوردستان بکرێنەوە**

شیروان پەنابەری کوردی عێراقی لە گرتووخانەی دۆڤەرەوە بەسکرتاریتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند"ئێمە ژمارەمان 16 پەنابەری کوردە لەم گرتووخانەیەدا ڕاگیراوین ، نامە بەژمارەیەکمان دراوە کە ماوەی زیاتر لە 72 سەعات و کەمتر لە 30 ڕۆژمان بۆ دیاری کراوە دیپۆرتی کوردستان بکرێنەوە"

شیروان ئەوەشی ووت "نزیک بە 6 پەنابەری دیکە لە گرتوخانەی پۆرتسمۆس و 2 لە گلاسگۆ و 2 پەنابەری دیکەش لە لەندەن کە پەیوەندی تەلەفونیم پێیانەوە هەیە هەمان نامەیان پیٚدراوە وەکو من.."

فریاد پەنابەرێکی دیکە لەگرتووخانەی ئۆکنتن بە سکرتاریتی فیدراسیۆنی راگەیاند"ژمارەمان زیاتر لە 7 پەنابەرە لەم بەشەی ئێمەدا و ژمارەیەکمان تیکتمان پیدراوە دیپۆرتی کوردستان بکرێنەوە"

سکرتاریتی فیدراسیۆن لە راگەیاندنیکدا باسی لەو هەولانە کردوە کە لەماوەی رابردووا بۆ ئەو پەنابەرانە ئەنجام دراوە کە لەگرتووخانەکانی بەریتانیا ڕاگیراون ، لەگرتنی پارێزەری یاسای تا نامەی پشتیوانی و لێپرسینەوە لەکێشەکانیان.

## بەریتانیا ..................................................

**پێویستە سەرۆکی حزبی نەتەوەی بەریتانیا بدرێتە دادگا**

نیک گریفن سەرۆکی حزبی نەتەوەی( BNP) لە راگەیاندێکی رۆژنامەی گاردیاندا ئاماژە بە کۆچبەرانی نایاسای دەدات دەڵێت "پێویستە ڕێوشۆینی توند بگیرێتە بەر بەرامبەر ئەو کۆچبەرە نایاساییانەی کە لە ئەفریقاوە دێن"

ئاماژە بەوەش دەکات "ئەگەر ئەوروپا بەر بە کۆچبەری نایاسای نەگرێت سنور بەڕوویاندا دانەخات ،ئەوا ئەو کۆچبەرانە مەترسی گەورەیان بۆ دروست دەکات "

لەدرێژەی ووتەکەیدا "باشتر وایە لەدەریادا ئەو کۆچبەرانە نقومی ئاو بکرێن"

لە وەڵام بە بووچوونی سەرۆکی حزبی ناوبراودا دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن ووتی"ئەو زاراوەو بووچوونانەی حزبی ناوبراو تازە نیە ،بەبراوی ئێمە بووچوونێکی فاشستی و ڕەگەزپەرستانە ودەمارگیری ئەو حزبە نیشان ئەدات ، وولاتانی رۆژئاوا بۆ کردنەوەی بازارو گەرم ڕاگرتنی قازانجو سود پەرستی سەرمایە ژیانی ئارامو پێشکەوتنی کۆمەلایەتی لە هاولاتیانی ئاسیاو ئەفریقا وەردەگرنەوە دەست ناپارێزن لە خوێن هەڵکیشانی ئەو کۆمەڵگایانە لە پێناو دابەشکردنەوەی جیهان لەنیوانیاندا ، ئێستاش ئامادەنیین ئاکامی سیاسەتە چەوتەکانی خۆیان قبوڵ بکەن، بەو هۆیەوە خەڵک ناچار بەئاوارەی و دەربەدەری و بێ دەرتانی دەکەن لێرەش مەرگ  بە مستەهەقی ئەو ئینسانانە دەبینەوە ،  مافەی ژیانیان بۆ بە ڕەوا نابیین، ،پێویستە سەرۆکی حزبی ناوبراوە بدرێتە دادگا"

## دانیمارک ..................................................

**سەفیری دانیمارک لە وەڵامی نامەی سکرتێری فیدرسیۆندا ئاماژە بە ئیتفاقیەی نیوان حکومەتی عێراقی و حکومەتی دانیمارکی دەکات سەبارەت بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران**

بەرێز Birger Riis سەفیری دانیمارک لە بەریتانیا لە وەڵامی نامەیەی سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بەنیگەرانی لە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عێراقیدا لە ناوەرۆکی نامەکەیدا هاتووە"حکومەتی دانیمارکی کەیسی پەنابەرانی عیراقی لەبەرچاوگرتووە ،ئەو پەنابەرانەی لەباری یاسایەوە نەیانتوانیوە ئەو زانیاریانە بخەنە ئیختیارەوە وبیسەلمێنن کە ئەمنیتیان لە خەتەردایە دوای ڕەتکردنەوەی داوای پەنابەریان داوایان لێدەکەین ئارەزوومەندا بگەرێنەوە بۆ عێراق"

له بەشێکی تری نامەکەیدا هاتووە"ئەو پەنابەرانەی بە خۆبەخش نەگەرینەوە ناچارین بە پێ ئیتیفاقیەکی تازە کە لەنێوان حکومەتی عێراقی و حکومەتی دانیمارکدا هاتووە بەزۆر دەیانگێرینەوە "

هەژار محمد جاسم نۆینەری پەنابەرە مانگرتووەکان لەیەکێک لەکەنیسەکانی کۆپنهاگن بە سکرتاریتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند"رۆژ بەرۆژ پشتیوانی لە داواکاری رەواکانی پەنابەرانی عیراقی دژ بەزۆر ناردنەوە بەردەوامە ،تا ئێستا 6 پارتی ئۆپۆزسیۆن پشتیوانیان لێکردوین جگە لە چەندین کەنیسەو رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی لە دانیمارک"

هەژار ئەوەشی ووت "ئیستا ژمارەمان 60 پەنابەر دەبێت لەم کەنیسە ماوینەتەوە ،دوای ئەو هەوڵە بێ ووچانانەی دراوە مەلەفی نزیک بە 20 پەنابەری عێراقی کراوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک پەنابەری دیکە لەلایەن هیزەکانی پۆلیسی دانیمارکیەوە گیراون"

له درێژەی هەوڵ چالاکیەکانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەپێناو بەرگری لەخواستو داواکاریە رەواکانی پەنابەران و دژ بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و ئیتفاقیەی نێوان حکومەتی عێراقی و حکومەتی دانیمارکی زنجیرەیەک خۆپیشاندانو نامەی نارەزایەتی ودیدارو سەردان و نامەی پشتیوانی وهاوکاری بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانی پەنابەرانی کوردو عێراقی ئەنجام داراوە کە لە راگەیاندنەکانی پێشتری ناوەندی هەواڵگریدا بڵاوبووتەوە دەتوانن لەماڵپەری فیدراسیۆن بەرچاوتان کەوێت.

## بەلجیکا ........................................................

پەنابەرێک ماوەی زیاتر لە سێ مانگە بێ سەرو شۆێنە.

کەسوکاری پەنابەر (ش،محمد) لەکوردستانەوە سکرتارێتی فیدراسیۆنیان ئاگادارکردەوە ماوەی زیاتر لەسێ مانگە کورەکەیان بێ سەرو شۆێنە.

بەپێ ئەو زانیارایانەی تا ئێستا دەستی سکرتارێتی فیدراسیۆن کەوتووە ئەم پەنابەرە ماوەی 10 ساڵ لە بەریتانیا ژیانی کردوە بەهۆی خراپی رەوشی پەنابەران لەبەریتانیا جێ دەهێڵێت .

سکرتێری فیدراسیۆن رای گەیاند "لەبارەی بەدوا چوون بەشۆین چارەنووسی ئەم پەنابەرە نامەمان ئاڕاستەی حکومەتی بەلجیکا کردوە وا بریارە رێکخراوی نەتەوە یەگرتوەکانیش ئاگادارکەینەوە تا بتوانیین لەزووترین کاتدا چارەنووسی ئەم پەنابەرە ئاشکرا بکەین"

## هۆڵ ........ ..........................................

پەنابەرانی کورد لە شاری (هەڵ)ی ئینگلتەرە نامەیەک ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن.



رۆژی شەممە بەرواری 18.07.2009، گروپی ئازاد لە هەڵ (هەڵ فری گروپ) سیمینارێکی جەماوەری سازدا پەیوەند بە ناردنەوەی زۆرەملێی پەناباران و سیاسەتەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرێز دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی .

لە ناوەڕۆکی تەوەری یەکەمیندا، دەشتی جەمال ڕاڤەی ڕەوشی ناردنەوەی زۆرەملێ پەنابەران و بارودۆخی گرتووخانەکانی دیپۆرتکردنەوەی کرد لە وڵاتەکانی ئەوروپادا. لە درێژەی ئەم تەوەرەدا دەشتی جەمال ئاماژەی بۆ ئەو ڕێکەوتننامەیە کرد کە لە نێوان حوکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو

وولاتانەدا ئیمزا کراوە بۆ بە زۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کورد. پاشان دەشتی جەمال باسی لە سیاسەتەکانی پشتی پەردەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەرامبەر بە پەناباران و لە رێگای ئەو بەڵگەنامانەی کە لە بەردەستی دابوون وەک ئەو نامە و پیشنیارانەی کە فیدراسیۆن ئاراستەی سەرۆکی پیشووی پەرلەمان، عەدنان موفتی و بەرپرسانی تری حوکومەتی هەرێمی کوردستانی کردبوون ، زێدەتر راستی ناوەرۆکی بێباکی حوکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەم دۆزە مرۆڤایەتییە رروونکردەوە.

تەوەرێکی تری سیمینارەکە بە بەشداری ئامادەبوان بەرێوەچوو لە رێگای پرسیار و وەلامەوە بۆ زیاتر شرۆڤەکردنی ئەم کێشەیە . لێرەدا کار و چالاکییەکانی فیدراسۆن لە وولاتانی دانیمارک و سوید و بەریتانیا باسیان لێوەکرا و سەرئەنجامی ئەم لیدوانانەش، پەناباران هەڵ پیکەوە نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد کە تیایدا پیشنیارکردووە بۆ :

1. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ریکەوتننامەیەی نێوان حوکومەتی هەرێمی کوردستان و وولاتانی ئەورووپا بۆ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران.
2. فرۆکەخانەکانی هەولیر و سلێمانی نەخرێنە خزمەتی ئەو فرۆکانەی پەنابارانی دیپۆرتکراویان پێیە.
3. وەرنەگرتنەوەی هەر پەنابەرێک کە بە زۆر دیپۆرتی کوردستان دەکرێتەوە

جێگای ئاماژەیە کە زۆر لە پەنابارانی شاری هەڵ و شارەکانی چواردەوری ئامادەی سیمینارەکە بوون و لە کۆتایدا دەستەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە شاری هەڵ دامەزراو و سەربەست کەریم وەک نوینەری فیدراسیۆن لەو شارە هەلبژێردرا.

## دۆنکاسەر ......................................

هەڵسوراوێکی فیدراسیۆن لەکاتی ئیمزای مانگانەدا دەستگیر دەکرێت.

حەسەن ئەحمەد هەڵسوراوی فیدراسیۆن لەشاری هۆڵ سکرتارێتی فیدراسیۆنی ئاگادارکردەوە ووتی"لەکاتێکدا روومکردە بنکەی پۆلیس تا ئیمزای بکەم ، بەلام دەستگیریانکردم دوای دووڕۆژ رەوانەی گرتووخانەی دەستبەسەری دۆنکاسەریانکردم"

حەسەن ئەوەشی ووت"ماوەی 9 ساڵە لەبەریتانیا ژیان بەسەر دەم هیچ کێشەیەکی یاسایم نەبووە تەنها ئەوە نەبێت داوای مافی پەنابەریم کردوە، دوای ئەو هەموو ساڵە پیمان دەڵێن حکومەتەکاتان رازی بووە بتان نێرینەوە"

لە راگەیاندنێکی فیدراسیۆندا هاتووە : فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی کەمپینێکی راگەیاندوە بەمەبەستی ئازاد کردنی و دانی مافی پەنابەری بەحەسەن داوا لە تەواوی پەنابەران و رێکخراوە پەنابەری و ئینسانیەکان دەکات پشتیوانی بکەن بۆ ئازادکردنی حەسەن ئەحمەد وئیمزای خۆتان بدەنە دانی مافی پەنابەری بەحەسەن: http://www.petitiononline.com/IFIRhass/petition.html

## کەلار .....................................

پەنابەرێکی بەزۆر نێراوە لە کەلار خۆی کوشت.

کەمال مجید لە شاری کەلار نوێنەری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لقی کوردستانی ئاگادارکردەوە "هیوا هیدایەت عبدولا دانیشتوی شاری کەلار دوای ئەوەی بەزۆر لە بەریتانیاوە دیپۆرتی کوردستاندەکریتەوە خۆی دەکوژێت"

سکرتێری فیدراسیۆن رایگەیاند "ئێمە پرسەو سەرخۆشی ئاڕاستەی کەسوکاری هیوا دەکەین هیوادارین دوا خەم ونارحەتی بێت بۆیان ، ئەم کارەساتە جەرگ بڕە یەکەمین وداین کارەسات نیە کە رووبەرووی ئەو پەنابەرانە دەبێتە کە پێچەوانە بەخواستی خۆیان دیپۆرتی کوردستانکراونەتەوە بەڵکو لەماوەی رابردووا چەند پەنابەری دیکە بونەتە قوربانی سیاسەتی چەوتی راستی حکومەتەکانی ئەورووپا وحکومەتی هەرێمی کوردستان،"

ووتیشی"بەداخەوە هەردوو حزبی دەسەلاتدار بەدەوری خۆیان لەپێناو بەرژەوەندی و بۆ کردنەوەی بازارو قازانجی زیاتر وشەعیتدان بەدەسەلاتەکەیان لەگەڵ ولاتانی ئەورووپا دەستیانداوەتە دەستی یەک بۆ برینی مافی پەنابەری لەو خەڵکەی کە خۆیان ئاوارەیانکردون".

ئامادەکردنی: دەشتی جەمال

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com,**

**Samera Ahmad tel:07828424164Jamal-hasan@hotmail.com 0041787557786...**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk

ifir@hotmail.co.uk

www.federationifir.com www.csdiraq.com